هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢١) لە ٢٠١٩/٩/١١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦) لە ٢٠١٩/٩/١١، بڕیاردرا بە:

١. ڕاسپاردنی لیژنەیەك لە بەڕێزان (وەزیری پلاندانان، وەزیری گواستنەوە و گەیاندن، و خالد شوانی وەزیری هەرێم، و ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم، و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون) بۆ هەڵسەنگاندنی پڕۆژەی سەرژمێریی عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و داخوازییەکانی کوردستانییان بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانەوە، سەرەڕای ئەوەی کە نابێت پرۆسەی سەرژمێریکردن بۆ هیچ مەبەستێکی سیاسی بەکاربهێنرێت بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە تا ئێستا پرۆسەی ئاساییکردنەوەی ئەو ناوچانە لە ڕووی دیموگرافی و جوگرافییەوە وەکو پێویست ئەنجام نەدراوە.

٢. لیژنەی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە لە نزیکترین دەرفەتدا ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی گشتگیری ئەم بابەتە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران